

# ژنانی کورد چۆن
# لە هەڵبژاردن دە ڕوا نن

ئاسۆ

لەسەرو بەندی هەڵبژاردندا خەڵکیهەریەکەو بەشێوازێك بیر لە هەلبژاردن دەکەنەوە ژنا وەك نیوەی کۆمەڵ بەدرێژایی مێژویەکی درێژ لە ژێر چەوساندنەوەو زوڵمو زۆرداردابوون لە دوای پرۆسەی ئازادی باس لە بەژداری کردنی ژنان دەکرێت لە نێوەندەکانی بڕیاردا بەلام پرسیار ئەوەیە ژنانی کورد لە عێراقی تازەو پەرلەمانی کوردستان چۆن دەتوانن بچنە نێوەندەکانی بڕیارو خزمەت بە نیشتمانو مافەکانی ژنان بکەن ئایا ژنانی کورد دەنگ بەو ژنانە ئەدەن کە خۆیان کاندید کردووە؟

سروە کاکە حەمەد کە خوێندکاری زانکۆیە ووتی من زۆر حەز دەکەم دەنگ بدەم بەڵام کە بیر دەکەمەوە دەنگ بدەم نازانم بۆ کێ‌ی بدەم تۆ ئەڵێیت دەنگ بۆ کاندیدەرانەکان ئەوەی من جارێ نازانم کێن ئەو ژنانە خۆ ئەگەر ژنانی ڕێکخراوەکان بن قەت دەنگیان بۆ نادەم چونکە ئەوانە لەناو حزبی پیاواندان هەرچی پیاوەکان ئەمر کەن ئەوان جێبەجێی دەکەن تا ئێستاش ژنێکی سەربەخۆم نەبینیوە کە دیفاع لە مافەکانی ژنان بکات.

شیلان فتاح: من حەزئەکەم دەنگ بە ژنان بدەم بەڵام من نازانم تازە دەنگ بدەمو دەنگ نەدەم وەك یەك وایە لەبەر ئەوەی کورسی‌یەکانیان دابەش کردووە حزبەکانیش لەبەر ئەمریکیەکان هەر ژن دەبەنە پەرلەمان.

هێرۆ کەمال عزیز:– من پێم خۆشە دەنگ بۆ ژنان بدەم وە زۆریش گرنگە کە ژنان بەشداربن لە حوکمەتدا من حەزم دەکرد سەرۆك حوکومەتی خۆمان ژن بێتو تەمەناشی دەکەم ژنانی کورد هەمیشە خۆشحاڵن کەشا بەشانیو پیاوان بن بەڵام هەلومەرجی گونجاویان بۆ نەرەخساوە وە تا ئێستا بیرو بۆچوون هەیە کە پێ‌ی وایە ژن ناتوانێت شان بە شانی پیاو بوەستێ دەوری لەنیو کۆمەڵگادا هەبێت. ئایا ژنان خۆیان لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟ ئایا ئێستا کاتێکی گونجاونی‌یە بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنانەدا ژنان بتوانن دوویاتی بکەنەوە کە ژنیش وەك پیاو دەیەوێت لە ناوەندی بڕیاردا بێتو خزمەت بە نیشتمانو نەتەوەکەی بکات, سروە ووتی بەڵێ من لەو باوەرەدام وەئەوە گومانی نی‌یە کەژنان زۆر لەپیاوان باشتر ئەتوانن کاروباری حکومەت بەڕێوەببەن, شیلانیش

لەوەڵامدا ووتی: هەرگیز ئەو قسانە راست نییە کە ژن نەتوانێت وەك پیاو کار بکات وە لە حوکمەتدا پۆستی هەبێت ئەوانەی وا دەڵێن دەیانەوێت کۆمەڵگا پێش نەکەوێت.
هێرۆش ووتی: ئەو بیرو بۆچوونانە بەسەر چوون ژن هەردەم لە دوای پیاوەوە بووە پیاو بێ ژن هەرگیز هیچی پێ ناکرێت من ئێستا لە خۆم رادەبینم کە زۆر لەپیاو باشتر کار بکەم ئێستا مامۆستای کۆمپوتەرمو وە دەرس بە دەیان پیاو دەڵێم.
دەورو ئەرکی رێخراوەکانی ژنان لە هەلبژاردنەکاندا زۆر گرنگە دەتوانن زۆر کاربکەن بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی کە خۆیان کاندید دەکەن بتوانن دەنگ بە دەست بهێنن.
مهاباد علی ووتی: ئەتوانم بڵێم ئەگەر رێکخراوەکانی ژنان پشتی ئەو ژنانە بگرن ئەتوانن دەنگ بە دەست بهێنن.
هەوار شریف ووتی: من ئەڵێم رێکخراوەکانی ژنان هێندەی کاری حزبیان ئەنجامداوە هێندە کار یان بۆ ژنان نەکردووە لەو باوەڕەشدا نیم کە رێکخراوەکانی ژنان لایەنگری کاندیدە ژنە بێ لایەنەکان بەت.
شنۆ غەریب: ووتی رێکخراوەکانی ژنان حزبین وە حزبەکانیش پۆستەکانیان بەش کردووە ئەرکی رێکخراوەکانی ژنان ئەوەیە کە بتوانن لەگەڵ حزبەکانیان قسە بکەن بۆ ئەوەی رێگە بە ژنان بدرێت کە بەشداری لەو پەرلەمانە تازەیەدا بکەن وە لەسەر ئاستی عێراقیش ژنان لەنێو پەرلەمانی عێراقدا بەشداربن ماوەتەوە بڵێین ئەرکێکی گەورە لەسەرشانی رێکخراوەکانی ژنانە کە بتوانن هاوکاری ئەو کاندیدە بکەن کە خۆیان کاندید کردووە لەم هەڵبژاردنانەدا هێندەی کە پێیان بکرێت هەوڵو توانیان بۆ ئەوە بێت کە زۆرترین رێژەی ژنان لەنێو نێوەندەکانی بڕیاردابن.